# كوردستانی عێراق لەبەردەم هەڕەشەی بە قوبرس کردندا

محەمەد ڕەفعەت

نە قوبرسیەکان لەو دیو سنووری وڵاتی خۆیانەوە دەستیان دەگاتە وردە لم یان تاشە بەرد و پێیان بەر وشکایی خاکی وڵاتێکی تر دەکەوێت ، وە نە ئێمەی خەڵکی کوردستانیش لەو دیو سنووری وڵاتی خۆمانەوە دەستمان دەگاتە شەپۆلەکانی دەریا تا بتوانین لە تەنگانەدا هانای بۆ بەرین ، ئەم جیاوازیەمان ڕەنگبێ گرنگترین و سەرەکی ترین هۆکاری لەیەک چوونی قەدەری ناحەز و چارەنووسی پڕ مەینەتی هەر یەک لەم دوو گەلە بێت کە بە سەدان کیلۆ مەتر لە یەکترییەوە دوورن و وای کردبێت کە لاپەرە ڕەش و تاڵەکانی مێژوویی دوور و نزیکمان تاڕادەیەکی بەرچاو هاوشێوە بێت ، وێڕای جیاوازیمان لە ڕووی ئەتنیکی و کەڵچەر و دینیەوە .

قوبرس کە دەکەوێتە گۆشەی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست ، نزیکترین وڵات لێیەوە تورکیایە کە ٦٤ کم دوورە و دەکەوێتە ٧٠ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی سوریاو ٧٧٢ کیلۆمەترەی باشووری یۆنان کە قوبرسیەکان بە وڵاتی دایکی دادەنێن .

کوردستانیش لە باشوور بە عێراقی عەرەبی ، لە ڕۆژهەڵاتیش ئێران ، لە باکور تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتیش سوریا کە ناوبەندی کوردستان و دەریای سپی ناوەڕاست دەکات .

ئەگەر بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین کە بۆچی بە درێژایی مێژوو تا ئێستاش هەر یەک لەم دوو وڵاتە باشترین و گونجاوترین پێگەی داگیرکاری و مانەوەی ئیمپراتۆریەت و زلهێزەکانی ناوچەکە بوون و سەرەڕای مێژووی خەباتی دوور و درێژ و خوێناویمان کەمترین دەسکەوتمان لە زۆرترین قوربانیەکانمان چنیوەتەوە ، دەکرێت هەر ئەم هەڵکەوتە جوگرافیا تایبەتیەی کە هەر یەک لەم دوو وڵاتە هەیەتی بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دابنێین . ئەگەر ئێمە لە هەر چوار لاوە وڵاتانێک تەوقیان کردبین کە بەرژەوەندیان لە سەر بەرز نەکردنەوە و خنکاندن و کپ هێشتنەوەی دەنگ و هاوارەکانمان دایە ئەوا ئەوانیش هەموو هاوارێکیان لە ناو شەپۆلەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا نقووم بوون و خنکاون . لێرەوەیە کە ڕۆمەکان ، فارسەکان ، بەیزەنتیەکان ، عەرەبە ئیسلامەکان و ئیمپراتۆریەتەکانی ئەمەوی ، عەباسی ،عوسمانی و بەریتانیا هەر یەک بەشوێن خۆی پێخوستیان لەسەر ڕێچکەی مێژووی ئەم دوو وڵاتە جێ هێشتووە .

## سەدەی شانزەهەمی شووم :

سەرەڕای هەموو مەینەتی و ژێر دەستەییەک کە لەمێژووی کۆندا ئەم دوو وڵاتە بەرەو ڕووی بوو بوون ، لە سەدەی شانزەهەمدا ئەم نەهامەتیانە گەیشتنە لوتکە و ئەو ئاڵوگۆڕە نەگەتیڤیانەی کەلەم سەدەیەدا بەسەر هەریەک لەم دوو وڵاتەدا هات هێندە تاڵ و گەورە بوون کە مۆرکیان بە سەر چارەنووسی ئەم دوو نەتەوەیە بەجێ هێشتووە و تا ئەمڕۆش ئەم دوو گەلە باجەکەی دەدەن .
لەگەڵ دەسپێکی سەدەی شانزەهەمدا ، شا ئیسماعیلی سەفەوی بناغەی دەوڵەتی سەفەوی دارشت و مەزهەبی شیعەی کردە یاسای حوکمڕانیەکەی ، بەدوای ماوەیەکی کەمدا توانی سەرجەم وڵاتی فارسەکان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا کۆ بکاتەوە . دواتر دەستی کرد بە هێرش کردنە سەر کوردستان و لە ساڵی ١٥٠١ دا هێرشی کردە سەر دیار بەکر ، لە ماوەیەکی کەمدا توانی سەرجەم ئیماراتە کوردیەکان و بە شێک لە کریستیانەکانی ئەرمینیا بخاتە ژێر ڕکێفی حوکمڕانی خۆی . سنوری ئیمپراتۆریەتی سەفەوی هێندە بەر فراوان بوو کە مەترسی گەورەی لەسەر فەرمان ڕەوایی

عوسمانیەکان دانابوو بەجۆرێک کە بۆ عوسمانیەکان " کە سەدەی شانزە بە سەدەی زێڕینی دەسەڵاتی ئەوان دادەنرێت " جێگای قبووڵ کردن نەبوو ، لێرەوە عوسمانیەکان بیریان لەوە کردەوە کە سوود لەو زوڵم و زۆرە وەرگرن کە سەفەویەکان بەدوای داگیر کردنی کوردستان لە میرنشین و ئێڵە کوردەکانیان دەکرد ، لەوانەش بێجگە لە باج و خەراجێکی زۆر ، دانانی حاکمی قزڵباشی ئازەری لە شوێنی میرە کوردەکان بۆ فەرمان ڕەوایی ئیماراتەکانیان . بە هۆی ئەوەی کە کوردستان تا ئەو کات لە چەندان ئیماراتی جیاواز و سەر بەخۆ پێک هاتبوو ، وە لەڕووی مەزهەبیشەوە جیاواز بوون لە مەزهەبی سەفەویەکان و زۆرینەیان سونني بوون بۆیە میر نشینە کوردەکان بەدەم پێشنیارەکەی عوسمانیەکانەوە چوون و بوون بە هاوپەیمانیان ، لە ساڵی ١٥١٤ دا لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا لەگەڵ لەشکری عوسمانی هێرشیان کردە سەر سەفەویەکان و لە شەڕێکی خوێناویدا کە بە شەڕی چاڵدێران ناسراوە توانیان شکستێکی گەورە بە شا ئیسماعیل بگەیەنن و تەورێزی پایتەخت داگیر بکەن . بەدوای ئەم شەڕەدا و لە ساڵی ١٥١٥ دا وە لە ڕێگای مەلا ئیدریسی بەتلیسییەوە عوسمانیەکان توانییان کە هاوسۆزی زۆربەی میرنشینە کوردیەکان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن و بەم جۆرە سەرەتایەکی ڕەش بۆ مێژوویەکی تاڵ دەستی پێکرد کە ئەویش داگیرکردنی کوردستان بوو لەلایەن عوسمانیەکانەوە (١) .

دووەم نشوستی کوردەکان لە هەمان سەدە و لە ساڵی ١٥٥٥ دا بوو ، کە لەم ساڵەدا پەیماننامەی " ئەماسیا " لەنێوان هەریەک لە سەفەویەکان و عوسمانیەکان بەسترا و خاکی کوردستان بەسەر هەریەک لەم دوو وڵاتەدا دابەش کرا کە تا ئەمڕۆش ئەم داگیر کاری و پارچە کردنە هەرماوە .

هەر لەم سەدەیەدا و لە ساڵی ١٥٧٠ دا ٣٥٠ کەشتی تورکی لە لارنەکای قوبرس لەنگەریان گرت و لە ماوەی سێ هەفتەدا نیکۆسیای پایتەخت داگیر کراو ڕوخێنرا وە بیست هەزار نیکۆسیایی کوژران ، دورگەکە بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، یەکێک لە ئەنجامە ترسناکەکانی ئەم داگیر کاریە نیشتە جێ بوونی بیست هەزار تورک بوو وە لەماوەی نزیکەی سێ سەدەی داگیرکاریدا ژمارەی تورکەکان بە بەردەوام لە زیاد بووندا بوون بە جۆرێک کە لە ساڵی ١٨٤١ دا زیاتر لە ٣١% ی سەجەم دانیشتوانی قوبرسیان پێک دەهێنا. (٢)

یەکەم هەنگاوی ڕزگار بوونی قوبرسیەکان لە دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە ساڵی ١٨٦٩ دا بوو کاتێک کە ڕێکەوتنێک لە نێوان بەریتانیا و عوسمانیەکان ڕوویدا و بە پێی ڕێکەوتنەکە قوبرس لەلایەن بەریتانیاوە بەڕێوە دەبرێت بەڵام هەر لەژێر سەروەری عوسمانیەکاندا دەمێنێتەوە ، تا لە ساڵی ١٩٢٥ دا قوبرس بە فەرمی بوو بە بەشێک لە کۆلۆنی بەریتانیا (٣).

بەڵام دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەسەر ئەو بەشەی کە ئەمڕۆ بە کوردستانی عێراق دەناسرێت ، هەر بەردەوام بوو تا جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە هەرچەندە بەشە زۆرینەکەی کوردستان کەوتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی تازەی تورکیا کە بە میراتگری ئیمپرتۆریەتی عوسمانی دادەنرێت .

ئەوە لەکاتێکدا هات کە لەشکری بەریتانیا ئەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ بە عێراق دەناسرێت لەدەستی عوسمانیەکانی دەرهێنا و بەدوای پشت گوێ خستنی پەیماننامەی سیڤەر کە لەساڵی ١٩٢٠ دا پەیمانی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان دابوو وە شوێن گرتنەوەی بە پەیماننامەی لۆزان کەلەساڵی ١٩٢٣ دا بەسترا و وە شکست هێنانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود کە لەساڵی ١٩١٩ ەوە دەستی پێ کردبوو ، ئەم بەشەی کوردستانی عێراق وە بەزەبری هێزی ئینگلیزەکان بوو بە بەشێک لە عێراق و تا لەساڵی ١٩٢٦ دا لە ڕێکەوتننامەیەکی سێ قۆڵی نێوان بەریتانیا و تورکیا و عێراقدا سنوری

نێوان تورکیا و عێراق دیاری کرا و ویلایەتی موسڵ " یان شارەزوور " کە زۆرینەی کورد بوو بە فەرمی خرایە سەر عێراق (٤) .

## نەژاد پەرەستی و لەمەنگەنەدانی ئیرادەی گەلانی تر :

هەرچەندە بەدوای ڕوخان و هەڵوەشانەوەی ئیپراتۆریەتی عوسمانی ، تورکەکان بە ڕابەرایەتی ئەتاتورک ، بە فەرمی سیستەمی خەلافەتیان هەڵوەشاندەوە و کۆماری تورکیای تازەیان ڕاگەیاند و لە پێناو بەدەست هێنانی سۆزو پشتگیری بەرەی سەرکەوتووی هاوپەیمانەکان " بەریتانیا و فەرەنسا " لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ، پۆشاکی سیستەمێکی عیلمانیان بۆ ئیدارەی وڵاتەکەیان پۆشی ، بەڵام چۆن دامەزرێنەرانی ئەم کۆمارە تازەیە هەموویان ژەنەراڵ بوون لە لەشکری عوسمانی وەلە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی نەژاد پەرەستی تورکەکان دابوون کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بوو ، گەورەترین جینۆسایدی ئەو سەردەمە لە دژی هەردوو گەلی ئەرمەن و کورد هەر لەسەردەستی ئەو ژەنەراڵانە ڕووی دابوو . بە دامەزراندنی کۆماری تورکیا ، هەر ئەو ئایدیۆلۆژیەتە بە ڕێکخراوتر ، بێ پەردە تر و بەهێزتر هاتە مەیدانەوە و دەسەڵاتی گرتە دەست . لەلایەکەوە "تورک بوون " وەک بنەمای ئایدیۆلۆژیەت بوو بە بناغەی حوکمڕانیان وە لەلایەکی تریشەوە تورکیایان بە تاکە میراتگری شەرعی ماددی و مەعنەوی عوسمانیەکان دەزانی ، لێرەوە چاوێکی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ناوخۆی وڵات بووە و کە بە موڵکی تەنها نەتەوەی تورکیان زانیوە ، چاوەکەی تریشیان لەسەر ئەو وڵاتانە بووە کە پێشتر لەلایەن عوسمانیەکانەوە داگیر کرابوون و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە کەمینەی تورک زمانیان لێ ماوەتەوە و هەمیشە خەونی گێڕانەوەی ئەم وڵاتانەیان بینیوە بۆژێر دەسەڵاتی خۆیان .
بێجگە لە هەشتا ساڵ ژیانی دژواری کورد و گەلانی تری " غەیرە تورک " ی تورکیای مەحکوم بەو ئایدیۆلۆژیەتە ، چیرۆکی تراژیدیای قوبرسیەکانیش هەر لەسەرەتای بەدەست هێنانی سەربەخۆییانەوە تا ئێستا وە مەترسی و هەڕەشەیەک کە ئەمڕۆ بەر دەرگەی ماڵی کوردی لە کوردستانی عێراقدا گرتووە لێرەوە و لەم دیدگایەوە دەست پێدەکات .

## تاوانی "ئینۆسیس "ی یۆنانیەکانی قوبرس و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردەکانی عێراق :

یۆنانیە قوبرسیەکان دورگەکەیان بە بەشێک لە وڵاتی گریک " یۆنان " دەزانن و لەو پێناوەدا خەباتێکی دورو درێژیان کردووە ، بە تایبەت لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا ، بەبەرنامەی ڕێک و پێک تر و ڕێکخراوتر لە جاران کەوتنە خەبات کردن بۆ وەدەر نانی ئینگلیزەکان لەوڵاتەکەیان و کۆتایی هێنان بە حوکمڕانیان ، و لە ژێر دروشمی یەکگرتنەوە لەگەڵ یۆناندا " ئینۆسیس بەزمانی گریکی " دەستیان دایە خەباتی پارتیزانی . بەڵام بەریتانیا کە دەیەویست قوبرس ببێتە پێگە و بنکەی ئامادەیی و بوونی "ناتۆ " لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، لایەنگری ئەم داوکاریەی قوبرسیەکانی نە دەکرد .
هەرچی تورکیاش بوو بەهۆی ئەوەی کە پێشتر یۆنان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان دا بوو وە لە ساڵی ١٨٢١ یۆنانیەکان شۆڕشیان بەرپا کردبوو لە دژی عوسمانیەکان و لە ساڵی ١٨٢٩ توانیبوویان کە یۆنان ڕزگار بکەن و سەربەخۆیی بەدەست بهێنن ، دواتریش چەندان گرژی و شەڕی جۆراوجۆر لەنێوانیاندا ڕوویدا بوو بۆیە وەک دوژمنێکی تەقلیدی تەماشای یۆنانیان دەکردو کێشمەکێشی بەردەوامیشیان لەسەر دورگەکان و سنووری ئاوی نێوانیان هەبوو " کە تا ئێستاش جۆرێک لە بارگرژی و کێشە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەر ماوە " ئەم هەنگاوەی گریکەکانی قوبرسیان بە فراوان بوونی سنوری دەسەڵاتی ئیداری و سەربازی ڕەقیبە کۆنەکەی "

یۆنان " دەزانی ، وە لەلایەکی تریشەوە عوسمانیەکان کە نزیک بە سێ سەدە ئەم دورگەیان داگیر کردبوو ، دواتر لە ڕێکەوتنێکدا ئیدارەی دورگەکەیان بە ئینگلیزەکان سپاردبوو ، دەوڵەتی تورکیا وایان لێک دەدایەوە کە ئینگلیزەکان فێڵیان لە عوسمانیەکان کردووە ( هەر وەک هەقایەتەکەی ویلایەتی موسڵ ) ، هەمیشە چاوێکیان لەسەر داگیر کردنەوەی قوبرس بوو ، کە بوونی کەمایەتی تورک لە دورگەکەدا ، ئەم هەقەیان " واتە خۆ بەخاوەن زانینی قوبرس " زیاتر بەخۆ ڕەوا دەبینی . لێرەوە یەکگرتنەوەی قوبرس و یۆنان بۆ تورکیا قووت نە ئەدرا و بە پێچەوانەی ماف و بەرژەوەندیەکانی خۆی دەزانی لە دوورگەکەدا ، بۆیە تورکەکانی قوبرسی " کە ئەو کات ڕێژەیان ٢٠% ی دانیشتوانی دورگەکە بوون " هاندا بۆ دژایەتی کردنی داخوازی " یەکگرتنەوە " و لەبەرامبەردا دروشمی دابەش کردنی دورگەکەیان بەرز کردەوە ، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەریەک لەم دوو نەتەوەیە هەرچی زیاتر لەیەکتر دور بکەونەوە و یەکەم بڵێسەی شەڕی ناوخۆ بێتە ئاراوە .

خەباتی گەریلاکانی گریک بە شکڵی ڕێک و پێک و ڕێکخراو وە چالاکی پارتیزانیان لە دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بە دیاری کراوی لە ساڵی ١٩٥٥ دا دەستی پێ کرد ،هەر لە سەرەتاوە بە هاندان و پشتگیری کردنی تورکیا ، تورکەکان کەوتنە دژایەتی کردنی ئەم بزوتنەوەیەی یۆنانیەکان و لە بەرامبەر داخوازی ئەواندا دروشمی دابەشکردنی دورگەکەیان بەرز کردەوە . لەساڵی ١٩٥٩ دا بە هاندانی ئەمەریکا و بە ڕەزامەندی هەریەک لە بەریتانیا و یۆنان و تورکیا وە سەرکردەی هەردوو گەلی قوبرس ڕێک کەوتنێک مۆر کرا ، کە لە ئابی ١٩٦٠ دا قوبرس لە بری یەک گرتنەوە کە داخوازی گریەکەکان بوو سەربەخۆیی درا بە قوبرس و بۆ ئیدارە کردنی وڵاتیش لە کۆی هەشتا کورسی ٥٦ کورسی بۆ یۆنانیەکان و٢٤ کورسیش درا بە تورکەکان ، قەشە ماکاریۆس بوو بەیەکەم سەرۆکی وڵات و فازیل کوچوکیش بوو بە جێگری لەگەڵ هەقی بەکار هێنانی ڤیتۆ بۆ هەرلایەکیان . لەبەر ئەوەی کە هەریەک لە گریکەکان و تورکەکانی قوبرس لە بازنەی بەرژەوەندی یۆنان و تورکیا دا دەخولانەوە ، بۆیە سەربەخۆیی نەیتوانی کە ئاشتی بۆ قوبرسیەکان دابین بکات (٥ ).

لەساڵی ١٩٦٣ دا بەدوای چاکسازی دەستوری وڵات لەلایەن سەرۆکی دورگەکەوە ، لە ژێر فشاری تورکیادا تورکەکان لە حکومەت کشانەوە و شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد ،لەساڵی ١٩٦٤ دا هێزی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەک گرتوەکان هاتە ناوبژی کردن و لە ساڵی ١٩٦٧ تورکیا هەڕەشەی داگیر کردنی قوبرسی کرد . لەساڵی ١٩٧٤ دا گریکە ناسیونالیستەکان لەپێناوی بەدی هێنانی خەونەکانیان کە یەکگرتنەوەیان بوو لە گەڵ وڵاتی دایک "یۆنان " کودەتایەکیان لەدژی ماکاریۆس کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست و یەکگرتنەوەیان لە گەڵ یۆناندا ڕاگەیاند ، ئەم پەشێویەی ناوخۆی یۆنانیەکانی قوبرس وە بڕیاری یەک گرتنەوە ، هەل و بیانووی دا بە تورکیا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر دوورگەکە و لە ٢٠ تەمووزی ١٩٧٤ لەشکری تورک چووە ناو قوبرسەوە و بەشێکی دورگەکەی داگیر کرد و بە کردەوە قوبرس دابەش بوو بۆ باکوری داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا وە باشوری قوبرس . قوبرس " کە ڕووبەرەکەی کەمێک لەسەرووی نۆ هەزار کیلۆمەتر دووجایە واتە نزیکەی یەک لەسەر هەشتی هەموو ڕوبەری کوردستانی عێراق ، وە ژمارەی دانیشتوانیشی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بە حەفت سەد و حەفتا هەزار کەس لە قەڵەم درا کە نزیکەی یەک لەسەر حەوتی دانیشتوانی کوردستان دەکات " لەم داگیر کاریەدا ٣٧ % ی کەوتە ژێر کۆنترۆلی تورکیا وە و نزیکەی ٢٠٠ هەزار گریک لەم ناوچەیە ئاوارە بوون بۆ باشوور کە ئێستا بە بەشە یۆنانیەکەی

قوبرس دەناسرێت ، وە نزیکەی ٥٥ هەزار تورکیش ئاوارە بوون بۆ بەشەکەی باکوور کە بە بەشە تورکیەکەی قوبرس ناوزەدە دەکرێت (٦).

وێرای ئەوەی کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا خاوەنێک و مووودەعیەک بۆ " دەوڵەتی کوردی " لە کوردستانی عێراقدا نییە ، لەگەڵ ئەوەشدا " دەوڵەتی کوردی " تەنانەت " فیدراڵیەتی کوردی " هاوتای " ئینۆسیس "ی قوبرسیەکان ، سەرچاوەی نیگەرانی و حەساسیەتی دەوڵەتی تورکیایە و بەو تاوانە مەزنەیە لەقەڵەم دەدرێت کە هەقانیەت بە دەوڵەتی تورکیا " کوڕە شەرعیەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی" دەدات ،تا بەو دەروازەیەی کە هەشتا ساڵە بەڕوویاندا داخراوە جارێکی تر ژاندرمەکانیان بنێرنە ژوورەوە .

بلند ئەجەوید کەلەکاتی داگیرکردنی قوبرسدا سەرەک وەزیران بوو ، ئەم داگیر کاریەی ناونا " جولانەوە یان هێرشی ئاشتی " و پاساویشی بەرگری کردن بوولە بەرژەوەندییە بالاکانی تورکیا و پاراستنی تورکەکانی قوبرس لە دەستدرێژی گریکەکان .

هەرچەندە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو ، ڕێگای بە ئەجەویدی پیر نەدا کە خەونی بەرپا کردنی ئاخر شەڕی ، لەسەر دەستی خۆی ، لەدژی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستانی عێراق بێتە دی و هەمان سیناریۆی تراژیدی ئامێزی قوبرس لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا لە کوردستان دوبارە بکاتەوە و بەهەمان قەوانی سواوی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی تورکیا ، بەرژەوەندی گەلانی تر ژێر پۆستاڵی ژاندرمەکانی بخات ، بە بیانووی ڕێ گرتن لە پێکهێنانی " دەوڵەتێکی کوردی " ئەو دەسکەوتە سەرەتاییانەشمان لەدەست بدات کە بەرهەمی دەیان ساڵ قوربانی دان و خەباتمانە، بەبیانووی " بێ بناغەی " پاراستنی هاوڕەگەزەکانی لەمەترسی دەست درێژی کردنی کوردەکان بۆسەریان !!! گەلێکی تر قەتڵ و عام بکات ، بەڵام ئەم ڕەوەندە لەسەردەمی ئەجەوید گەیشتە چڵە پۆپەی و تەنانەت لەم بوارەدا ئەو زۆر لە ژەنەڕاڵە حاکمەکان توند ڕەو تر بوو ، داگیر کردنی کوردستان بێجگە لەوەی ببووە بنێشتە خۆشەی سەر زاری و لە هەموو بۆنە و بێ بۆنەیەکدا دوبارەی دەکردەوە و کردبووی بە سەرەکی ترین و میحوەری ترین بابەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆی و حیزبەکەی .

ڕۆیشتنی ئەجەوید و هاتنی حیزبێکی شێوە ئیسلامی بۆ دەسەلات بێجگە لە کەمکردنەوەی هات و هەرای ڕاگەیەندن ، هێندەی لەمەسەلەکە نەگۆڕیوە و ئەمڕۆ مەسەلەی داگیر کردنی کوردستان لەلایەن لەشکری تورکەوە هاوتای هێرشی ئەمەریکا لەدژی ڕژێمی عێراق واقیعیەتی هەیە و ئامادەکاری و دەست پێشخەری بۆ کراوە ، ئەم هەڕەشەیە بۆ سەر خەڵکی کوردستان بۆتە سەرباری هەڕەشەی کارە دڕندە و گورز وەشاندنی ڕژێمی سەددام لەدژی گەلی مارانگاز کراوی کوردستان .

سەفەربەرلکی دەوڵەتی تورکیا لە دژی سەرەتایی ترین ماف وداواکاری کوردەکانی خۆی ، خەلکی کوردستانی عێراقیشی گرتۆتەوە و دەیەوێت لە ناو تەپوتۆزی شەڕی ئەمەریکا و ڕژێمی سەددامدا تیری خۆی لە هەنیەی جولانەوەی ڕوو لەپێش و هەقخوازانەی گەلی کورد بگرێت . لەم شەڕە بێ پاساو و ناهەقیەی دا کە بەدەستیەوەیەتی ، لەهەمبەر چارەنوسێکی گەش کە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان چاوەڕوان دەکرێت و ئەوان بە بەراوەژوو دەیبینن و بەدژی بەرژەوەندیەکانی خۆیانی دەزانن ، کۆمەڵێک بیانووی تەشقەڵە ئامێزیان بەدەستەوەیە کە هیچ کامیان لە ئەرزی واقیع دا بوونی نیە .

نە پارتە بالا دەست و خاوەن هێزەکانی کوردستان داو تەڵەبی جیابوونەوە و سەربەخۆیین ، نە هەنگاوێکی عەمەلیش بەو ئاراستەیەدا نراوە ، نە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش پێشنیارێکی لەو

بابەتەیان هەیە و نەهەگبەی ئینسانی و پێشکەوتوو خوازی ئەو ئۆپۆزسیۆنەش هێندە پڕە کە لەئاست ڕەوایی مەسەلەی کوردا چارەسەرێکی لەو بابەتەی پێبێت ، بێجگە لەوەی کەسەرجەم وڵاتانی دەورو پشت وە پێش هەمووشیان خودی تورکیا ، سەرجەم وڵاتە عەرەبیەکان ، ئەمریکا و زل هێزەکانی تری دونیاش هەر هەموویان بیرکردنەوە لە مەسەلەی سەربەخۆییان لە خەڵکی کوردستان حەرام و قەدەغەکردووە . سەرەڕای هەموو ئەم هەقیقەتانەش هێشتا خەڵکی کوردستان لە ناو قەفەسی تاوانباری هەوڵی جیابوونەوە دان و مەحکومن بە تاوانێک کە لە ئەسڵدا تاوان نیە و " بەداخەوە " لەبەرنامەی پارتەکانیدا نییە و لەوەش خراپتر حاکمانی لاتێکیش هەق بەخۆیان دەدەن کە سزای ئەو گریمانە تاوانباریەمان بدەن کە خاوەن ماڵ نین و هیچ هەق و مافێکیان بەسەر ئێمەوە نییە .

دەوڵەتی تورکیا کت و مت دەیەوێت هەمان ئەزموونی تراژیدی ئامێزی قوبرس لە کوردستانیش دووبارە بکاتەوە ، هەروەک لەسەروبەندی داگیرکردنی قوبرسدا ، ئەمڕۆش کەم ڕۆژ هەیە کە لەلایەن بەرپرسێک یان میدیایەکی تورکیەوە یەکێک لەم باینوو و بەهانانە ڕانەگەیەنرێن :

١ ـ ڕێگرتن لە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی و پارچە نەکردنی عێراق کە دژی بەرژەوەندیە باڵاکانی دەوڵەتی تورکیایە . وە لە سیناریۆی پێش داگیر کردنی قوبرسیشدا ، ڕێگە گرتن لە یەک گرتنەوەی قوبرس و یۆنان کە دژی بەژەوەندیەکانی تورکیایە ببو بە گەورەترین ئەرکی سوپا و حاکمانی وڵات.

گەورەترین نیگەرانی لە پێک هێنانی دەوڵەتی کوردی تێک چوونی پارسەنگی هێزە لەناوچەکە و " دەوڵەتی کوردی " دەبێتە هاندەر و پاڵپشتێک بۆ کوردەکانی تورکیا و سەرەنجام دەبێتە هۆی دابەش بوونی تورکیاش .

نیگەرانی ئەوسای تورکیاش لە " ئینۆسیس " تێکچوونی بالانسی هێزە بە بەرژەوەندی یۆنانیەکان و فراوان بوونی دەسەڵاتی یۆنان بەسەر دەریای سپی ناوەڕاست و کە ئەمەش مەترسی هەیە بۆ سەرسنووری ئاوی و ئەو دورگانەی کە سەرچاوەی کێشە بوون لەنێوان ئەم دوو وڵاتە و سەرەنجام دابڕینی چەند دورگەیەک لەژێر دەسەڵاتی تورکیا و دواتریش بردنی چەند شار و ناوچەیەک لە خۆر ئاوای تورکیا کە یۆنانیەکان بەشاری مێژووی خۆیان دەزانن .

٢ـمافی مێژوویی تورکیا بەسەر کوردستانەوە ،ئەمە بەڕاشکاوی لەدەمی ژەنەڕاڵەکانەوهاتووە کە موسڵ و کەرکوک بەشێکن لە وڵاتی تورک ، بەڵام ئینگلیزەکان لە بەرامبەر کەمێک پارەدا تورکیایان هەڵخەڵەتاندوە ، ئێستاش مافی تورکیایە کە داوای گێڕانەوەی ئەم بەشە لە وڵاتەی بکات !.

بەر لە جەنگی داکیر کاری قوبرسیش هەمان قەوان لەدەمی ژەنەڕاڵەکان و ئەجەویدەوە دەکوترایەوە کە قوبرس بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەڵام ئینگلیزەکان فێڵیان لێ کردوون ئەوان دەیانەوێت تەعویزی ئەم فێڵەیان وەربگرنەوە .

٣ـ کارتی بەرگری لە هاوڕەگەزەکانی ، هەر کەسێک لە ڕاگەیاندنی تورکیا و گروپە داتاشراوەکانی سەر بەخۆی بڕوانێت وای دێتە بەرچاو کە تورکمانەکان لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی سەددام حوسێندا هیچ کێشەیەکیان نیە و خۆیان و مافەکانیان پارێزراون ، بەڵام کە دێتە سەر دەسەڵاتی کوردی شینی حوسێن و فریادی قەتڵ وعام بەرز دەبێتەوە ، ئەو تورکومانانەی کە بەدرێژاییی دەیان ساڵی گەرمترین پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان هەردوو ڕژێمی عێراق و تورکیا بۆجارێکیش نەبوونەتە پەراوێزی هیچ باس و گفتو گۆیەک ، لەڕاستیدا بەهەمان شێوازی تورکەکانی قوبرس ، ئەمڕۆ "تورکومانەکان " لە حیسابی دەوڵەتی تورکیا دا بێجگە لە کارتی ڕێ

گرتن لە بەدی هاتنی داخوازی و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان هیچ شتێکی تر نین . هەروەک چۆن بەدرێژایی حوکمڕانی بەریتانیا لە دورگەی قوبرس مەسەلەی تورکەکانی ئەوێی خستبووە پشت گوێ و ئەو ڕۆژە پارە و پول و پشتگیری بۆناردن و هانیدان کە دژی گریکەکان " نەک بەریتانیا " بجەنگن کە گریکەکان پاشەکشەیان بە بەریتانیا کردبوو لە ئاستانەی وەدەر نانی ئەو داگیرکەرە و بەدهێنانی ئامانجەکانیان دابوون .

## دوبارە کردنەوەی ئەزمونێکی شکست خواردوو :

تورکە داگیرکەرەکان بڕۆنە دەرەوە ...! (٧)

کۆتایی بەداگیر کردن بێنن...!(٨)

ئەم دوو داخوازیە لەپاڵ داواکاری دەست لە کار کێشانەوەی " ڕەئووف دەنکتاش " ی ناسراو بە سەرکردەی تورکە قوبرسیەکان و یەک گرتنەوەی هەردوو بەشە یۆنانی و تورکیەکەی قوبرس، بەشێک بوون لەو کۆمەڵە دروشم و داخوازیانەی کەلەم ڕۆژانەدا لە لایەن زیاتر لە پەنجا هەزار خۆپیشاندەر لە دانیشتوانی قوبرس بەرز کرایەوە . (٩)

گرنگی و کاریگەری و چارەنوس سازی ئەم داوکاریانە تاڕادەی" بە وەرچەرخانی مێژوویی لەقەڵەم دانی " هەر لەوەدا نیە کە ڕێژەی بەشدارانی خۆپیشاندانەکە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی سەرجەم دانیشتوانی دورگەکە بە ڕادەیەک بووە کە دەکرێت وەک ڕیفراندۆمێک چاوی لێ بکرێت لە مەڕ چارەنووسی وڵاتەکەیان و یەک گرتنەوەی هەردوو بەشی دورگەکە و چونە دەری هێزە داکیرکارەکانی تورکیا لێی و دەست لەکار کێشانەوەی ئەو حاکمەی کەلەلایەن تورکیاوە بۆ تورکە قوبرسیەکان دیاری کراوە و سەرەنجام ڕازی بوون بە ئاشتی بەیەکەوە ژیانی هەردوو نەتەوەی تورک و یۆنانی لەچوار چێوەی یەک وڵات و یەک سیستەمی یەک گرتوودا و دوور لە دەست تێوەردانی تورکیا لەکارو باری وڵاتەکەیان ، بەڵکوو بایەخی ئەم خۆپیشاندانە دەیان هەزار کەسییە و چاولێکردنی وەک خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی لەوەدایە کە ئەمجارەیان چونە دەری تورکیا و کۆتایی هێنان بەداگیر کردنی و لابردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتە دەستکردەی کە بە "کۆماری باکوری قوبرسی تورک" ناسراوە لەلایەن ئەو ژمارە زۆرە لە خودی تورکەکانی قوبرسەوە بەرز کراوەتەوە .

سەرەڕای بوونی نێزەی زیاتر لە چل هەزار ژاندرمەی تورک و دەیان ساڵ دەرخوارد دانی بیری شۆفێنیزمی تورک بەڕۆڵە تورکەکانی دوورگەکە و پەروەردە کردنیان بە بیری نەتەوەپەرەستی توندڕەوانەو دژایەتی کردن و بە دوژمن ناسینی یۆنانیە قوبرسیەکان لەلایەن تورکیا و حاکمە تورکەکانی ئەم بەشە لە دوورگەکە . سەرەڕای بیست و هەشت ساڵ لەدابڕان لە بەشە یۆنانی نشینەکەی دورگەکە و هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە تورکەکانی قوبرس و بوونی سێبەری تفەنگی سەربازانی دەوڵەتێک کە ئەوان بە هاوڕەگەز دادەنێت و لەشکرەکەشی بە قارەمانی ڕزگارکەری هاو نەتەوەکانی و پاراستنیان لەدەست درێژی و زوڵم و دوژمن کاری یۆنانیە قوبرسییە دوژمنەکانیان دادەنێت ، بەڵام جارێکی تر تورکە قوبرسیەکان بەتەواوی ئیرادەی خۆیان قەزاوەتی خۆیان لەسەرئەوە دا کە کێ برایانە و کێش داکیرکەرە وە بەهەموو جیهانیشیان ڕاگەیاند کە دەیانەوێت چۆن و لەگەڵ کێدا بژین .

ئەم ڕەوەندە ئەگەر لەلایەک بەمانای ئاڵ و گۆڕێکی چارەنوس ساز بێت بەئاقاری سەقام گیر بوونی ئاشتی لەدورگەکەدا و هەنگاوێکی وشیارانە وبوێرانە بێت لەلایەن تورکەکانی قوبرسەوە بە ئاراستەی بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو نەتەوەی تورک و یۆنانی دوورگەکە ، ئەوا لەلایەکی تریش بەمانای شکستی تەواوی سیاسەتەکانی تورکیایە لە دورگەکە و نەک هەر فەشەل و بە

بوونبەست گەیشتنیەتی لەهەزم کردنی داگیرکارییەکەی بەڵکو قوڵتر بوونەوەی قەیرانە قووڵە ئابووری و سیاسیەکانی تورکیایە کە بەدرێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو داگیر کردنی قوبرس لەپاڵ کێشەی کورد و دیموکراسی و مافی مرۆڤ هۆکارێکی سەرەکی بووە لەم قەیرانانەدا .
ڕێک لەم کات و ساتەدا و بەدوای بیست و هەشت ساڵ لە گۆشەگیری و دابڕانی تورکەکانی قوبرس لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و لە دونیا ، بەدوای ئاشنا بوونی تورکە قوبرسیەکانیش بە ڕووی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورکیا و مەرامەکانی ،کەچی وەک ئەوەی هەموو دونیا دانی بە دەوڵەتە داتاشرراوەکەی " کۆماری باکوری قوبرسی تورک " دانابێت و دەست خۆشی لە ژاندرمەکانی تورک بکەن بۆ ئەم داگیر کاریەیان ، تورکیاش خۆی زۆر دەسکەوتی لەم داگیر کاریە چنیبێتەوە ، حاکمەکانی ئەو وڵاتە لە گەرمەی خۆسازدانن بۆ دووبارە کردنەوەی ئەزمونێکی تری هاو شێوەی قوبرس لە کوردستانی عێراق .

## دوو بەرژەوەندی لەیەکتری جیاواز :

هەر وەک دوێنێی مەسەلەی قوبرس ، ئەمرۆش ژەنەڕاڵەکانی تورکیا شمشێری خۆیان بەناوی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی تورکیا و پاراستنی ئاسایشی نە تەوەیی تورک لە دژی خەڵکی کوردستانی عێراق هەڵکێشاوە ، بۆ شەرعیەتی زیاتریش مەسەلەی پاراستنی هاو ڕەگەزەکانیان خستۆتە پاڵ ئەم گێچەڵ فرۆشیەیان . بەداخەوە لە هەمان بابەتی فازیل کوچوک و ڕەئووف دەنکتاشی قوبرس ، ئەمرۆ لە کوردستانیش سەنعان قەساب و کەسانی تر کار ئاسانی بۆ ئەم دەست تێوەردان و هەڕەشەیەی تورکیا دەکەن و خەون بە هاوتایەکی " کۆماری باکوری قوبرسی تورک " لە کوردستان دەبینن ، دیارە مەترسی ئەو گروپە لە قەوارە و کاریگەریان دا نیە لەکۆمەڵگای کوردەواری و عێراقیدا ، بەڵکو لەوەدایە کە لە پیلانی تورکیا بۆ کوردستان ئەوان کتومت کۆپیەکی هاوکارەکانیانن لە قوبرس .
هەرچەندە گومان هەڵناگرێت کە بەرژەوەندی تورکمانەکانی کوردستان و عێراق لەلای ئەو گروپە لەدوای هەر ئامانجێکی ترەوە دێت ، بەڵام گریمان ئەوەش یەکێک بوو لە ئامانجەکانیان و بە چاو خشاندنێک بەسەر باروو دۆخی تورکەکانی قوبرس و بەراوردیان لە گەڵ ژیان و گوزەرانی هاوچارەنوسە ئەسڵیەکانیان کە گریکەکانی قوبرسن بۆمان دەردەکەوێت کە چ جیاوازیەک لەئارادایە ،تورکیا چۆن ئەوانی کردۆتە قوربانی بەدی هێنانی خەونەکانی خۆی و چەندە بەرژەوەندیەکانی تورکیا و تورکە قوبرسیەکان لەیەکتری جیاوازن ، بەڕادەیەک کە دوای سێ دەیە لە دابەش کردنی قوبرس و لەواقیع دا بوونی بەشە تورکیەکەی قوبرس بە پاشکۆی تورکیا ، خودی تورکەکانی قوبرس بە لەشکری تورکیا بڵێن " تورکە داگیر کەرەکان بڕۆنە دەرێ " .
بەدوای سەربەخۆیی قوبرسدا و لە پێناو بەرقەرار کردنی ئاشتی لە دورگەکەدا ، بە پێی ڕێکەوتنی نێوان هەردوو لایەن ، ٣٠% ی کورسیەکانی پەرلەمان بۆ تورکەکان تەرخان کرا ، کە ئەوە بە ڕێژەی ١٠% لە قەوارەی خۆان زیاتر بوو ،پۆستی جێگری سەرۆکی دورگەکە درا بە تورکەکان کە لەئەسڵدا هەمان دەسەڵاتی سەرۆکی وڵاتی هەبوو ، هەردوکیان وەک یەک هەقی ڤیتۆیان هەبوو، لە فەرمانگەکان و دامەزراوە حکومیەکانیش هەمان ڕێژە لە ئەتنیکی تورک دامەزرێندران .
کارەساتی شەڕ و داگیرکردنی دورگەکە بووە هۆی دابەش کردنی و لەساڵی ١٩٨٣ دا تورکەکانی لایەنگری تورکیا لەباکوری دورگەکەدا کۆمارێکی سەربەخۆیان پێک هێنا بەناوی " کۆماری باکوری قوبرسی تورک " ، نزیکەی بیست ساڵ بەسەر دامەزراندنی بەناو کۆمارەکەیاندا تێپەڕیوە ، تاوەکوو ئێستا بێجگە لە تورکیا لەلایەن هیچ وڵاتێکی تری دونیا نەناسراوە ، بە پێچەوانەوە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان داوایان لە تورکیا کردووە کەلە دورگەکە بکشێتەوە

و هەر دوو بەشەکە ببنەوە بەیەک وڵات ، لەبەرامبەر ئەمەدا بەشە یۆنانیەکەی قوبرس پاڵێوراوە بۆ ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٤ دا بچێتە ڕیزی یەکێتی ئەورووپاوە .
لەڕووی ئابووریشەوە جیاوازی لە بارو دۆخ و شێوەی گوزەرانی دانیشتوانی ئەم دوو بەشە لە دورگەکەدا بەم شێوەیە (١٠) :

| بابەت | بەشە یۆنانیەکە لە ساڵی ٢٠٠١ دا مەزەندە کراوە | بەشە تورکیەکە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا مەزەندە کراوە |
|---|---|---|
| تێکرای هێزی کڕین " قوه الشراء" لە ساڵێکدا | ٩،١ ملیار دۆلار | ١،١ ملیار دۆلار |
| ڕێژەی زیاد کردنی ساڵانەی داهاتی گشتی نەتەوە | %٢،٦ | %٠،٨ |
| تێکرای داهات " توانای کڕینی " تاک لەساڵێکدا | ١٥٠٠٠ دۆلار | ٧٠٠٠ دۆلار |
| ڕێژەی هەڵاوسان | %١،٩ | %٥٣،٢ |
| ڕێژەی بێکاری | %٣ | %٥،٦ |
| بودجەی ساڵانە | ٤،٢ ملیار دۆلار | ٢٩٥ ملیۆن |
| ڕێژەی گەشەکردنی بەرهەمە پیشە سازیەکان "ساڵانە " | %٢،٢ | ـ ٠،٣% |
| هەناردنە دەرەوە "ساڵانە " | ٨٥١ ملیۆن | ٥٠، ٧ ملیۆن |
| هاوردە " ساڵانە " | ٣،٥ ملیار | ٤٢٤،٩ ملیۆن |

ئەم وێنەیە ئەوە نیشان دەدات کە تورکیا چی بۆ هاوڕەگەزەکانی بەدیاری هێناوە و ئەوە باشاشکرا دەردەکەوێت کە لەسای داگیرکاریدا بەتەنها یۆنانیە قوبرسیەکان نین بەهۆی داگیرکردن و دابەش کردنی وڵاتەکەیان زیانیان بەرکەوتووە ، بەڵکوو یەکەم زەرەر لێکەوتوو تورکەکانی قوبرسن و بەواتایەکی تر ئەوان زۆر زیاتر لە یۆنانیە قوبرسیەکان بوونەتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی تورکیا .
بۆ تورکیاش بەشە تورکیەکەی باکوری قوبرسی ژێر دەسەڵاتی خۆی بووەتە جەستەیەکی نامۆی ناو جەستە دەردەدارەکەی خۆی ، کێشەی قوبرس بۆتە یەکێک لەقوفڵە نەکراوەکان لە دەرگای چونە ژوورەوەی تورکیا بۆ دیوەخانی ئەورووپیەکان ، ئەوە سەرەڕای ئەو قورساییە مادییەی کە لە هاوکاری کردنی بەناو حکومەتەکەی باکوری قوبرس و خەرجی نزیکەی چل هەزار سەربازی تورکیا لە دورگەکەدا کە بۆتە کونێکی تری ناو هەمبانە بەتاڵەکەیان .

**مەلەکردن لە ئاوی لێڵدا :**

بەدوای ئەم ئەزموونە شکست ئامێزەی تورکیادا لە قوبرس و نەتوانینی قوت دانی بەشێکی دورگەیەک کە هەموو دورگەکە تەنها ١\٨ ی کوردستانی عێراق و ١\٤٥ ی عێراقە ، ئایا تورکیا بەچ لۆژیکێکەوەدەیەوێت و چەندە دەتوانێت سەرکەوتوبێت لە بەدی هێنانی خەونی داگیر کردنی کوردستان ؟

ئەوە ڕۆشنە کە تورکیا دەیەوێت لە لێلاوی جەنگی ئەمریکا و عێراقدا ، بە دوڕ و مرواری خەونەکانی شاد بێت ،بەدسوودی لە جێگا و ڕۆڵێک بکات کە دەکرێت لەم جەنگەدا لە بەرژەوەندی ئەمریکا دا ببیێت ، ئەوەی ئەم ئومێد و جورئەتەی داوەتە تورکیا ئەوەیە کە لەلایەک دراوسێیەکی غەیرە عەرەبی عێراقە و هاوپەیمانی گوێرایەڵ وقەرزباری ئەمریکایە لەلایەکی تریشەوە دابەش بوونی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییە لەسەر هاوکاری و تەئید کردنی ئەم جەنگە ، بەتایبەت هاوپەیمانە تەقلیدیەکانی ئەمریکا لە پەیمانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا ، لێرەوە ڕۆڵی ئامادە باشی تورکیا گرنگی زیاتر پەیدا دەکات هەر بۆیە ڕەنگە ئەمریکا لە کورت ماوەدا کەمێک دەستی تورکیا ئاواڵە بکات کە ئەمە وایکردووە تورکیا بەسەر کۆمەڵێک حیساب و گەمە و هەڵەی کوشندە و ترسناکدا ببات .

تورکیا لەم ڕێکەوتەی لەبار بوونی مەوقیعەتی لەکاتی جەنگدا زیاتر خاوەنی هیچ موئەهەلیەتێک ، شەرعیەت و مافێک نییە چ بەسەر کوردستان و چ بەسەر عێراقدا ، بەڵام تورکیا لەوە زیاتر هەنگاوی هەڵێناوە و لە داواکاریەکانی تورکیادا بۆ دەور و نەخشی چ لە کاتی جەنگ و چ لە خاوەن قسە و بڕیار بوونی لەدوای جەنگ دا وا دەر دەکەوێت کە تورکەکان وا تێگەیشتبن کە ئەمریکا بۆ ڕزگار کردنی تورکیا لە قەیرانە داراییەکانی و دەربازکردنی لە ژێر قورسایی و ڕەوایی جوڵانەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد ئەم شەڕە هەڵبگیرسێنن ، کە ئەمەش دەتوانین تەنها والێک بدەینەوە کە بیر تەسکی جیهانبینی نەژادپەرەستی حاکمە خاوەن بڕیارەکانی تورکیا مەودای دیتنی داهاتووی بەردەم خۆیانی تەسک کردبێتەوە و ئەم دونیا فراوانە بە سیستەمە تازەکەیەوە " کە زۆر جیاوازە لەبارودۆخی جەنگی ساردی سەردەمی داگیر کردنی قوبرس " هەروەها ئەو تەڵە و چاڵ و کۆسپانەی کە لە کوردستان و عێراق لە سەر ڕێگای لەشکر کێشیاندایە نەبینن . ئەگەر لە ئەزمە گرتوویی و داتەپیووی ئابووری و کەڵەکەی قەرزەکانی تورکیا وە دەست پێ بکەین و لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی لەوانەش کێشەی کورد و فشاری بەدیموکراتی کردنی وڵات و مافی مرۆڤ ئیستێک بکەین ، وە لە بوونی کێشەی قوبرس وەک سەرچاوەی ژانەچاوی تورکیا و مەسەلەی مەددی ئیسلامی و هەروەها لە خۆش خەیاڵیەکانی ئەم وڵاتە بۆ چوونی بۆ ڕیزی یەکێتی ئەوروپا بڕوانین ، بەسادەیی دەکرێت پەی بەو کورت بینیانەی ژەنەراڵەکانی تورکیامان ببەین و بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان تەنها کارئاسانی هاتنە ناوەوەی لەشکرەکەیان بۆ ناو کوردستان و عێراق دەبینن کە بەهۆی جەنگی ئەمریکا عێراق بەدی هاتووە ، چارەنوسی ئەم لەشکرە و چۆنیەتی گەڕانەوە و پاشەکشە کردنی نەهاتۆتە ناو حیساباتەکانیان .

سەرەڕای هەموو ئەمانەش کوردستانی عێراق تایبەتمەندی خۆی هەیە کە دەست تێوەردا ن لە کێشەیەکی ئاوەهایی لە چوار بوعدی کوردستانی ، عێراقی ،عەرەبی و جیهانی بەزەرەری تورکیا تەواو دەبێت .

لەسەر ئاستی کوردستان ، کێشەی کوردستان سەرەڕای هەموو زوعف و کەمو کوڕیەکانی و کورت هێنانی لە بەردەم پەیوەندی ڕاستەوخۆی سەربازی ،سیاسی ، ڕۆشنبیری ، کۆمەڵایەتی نێوان پارچەکانی کوردستان و نەبوونی هاوئاهەنگی و هاوپەیمانی لە نێوان پارت و جوڵانەوەی ئەم بەشانە ، بەڵام ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مەسەلەی کورد لەهەموو پارچەکانیدا کار لێک و ڕەنگدانەوەی لەسەر یەکتری هەیە و هەر ئەم هەقیقەتەش تورکیای لەبارودۆخی کوردستانی عێراق شێتگیرو هەراسان کردووە و بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە هەر ماف بەدەست هێنانێکی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق کار دەکاتە سەر کوردەکانی تورکیا و هانیان دەدات کە ئەوانیش داوای هەمان ماف بکەن ، تورکیا کە لەژێر فشاری خەباتکارانەی کوردەکانی خۆیدا تەواو پەرێشان و

سەخڵەت بووە ، ئەوەی کە لەبیری چۆتەوە ئەوەیە کە لەشکر کێشی و داگیر کردنی کوردستانی عێراق بەرەنجامەکەی تەنها هەر مەحدود کردنەوەی بواری گەیشتنی خەڵکی کوردستانی عێراق نییە بە مافە ڕەواکانی " کە ڕەنگە لە کورت ماوەدا ئەم بەدەست بهێنێت " بەڵکو لەو سەرەوە کاردانەوەی لەشکرکێشی نارەوای دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ئاستێکی بەرزتردا هاو ئاهەنگی و ڕیزبەندی لە نێوان گەلی کورد لەهەردوو بەشی باکور و باشور دروست بکات کە تورکیا ئەو لیاقەتەی نابێت تەحەمولی قورسایی ئەو بالانسە تازەیە بکات .

لەسەر ئاستی عێراقیدا ؛ کوردستانی عێراق بەفەرمی بەشێکە لە خاکی عێراق ، هێشتا شوناسنسامەی کوردستانی عێراق هەر وەک بەشێکی ناو دەوڵەتی عێراقی وایە و لەنێوان ئۆپزسیۆنیشدا هەموو ئاراستەکان ، بەر لە هەمووشیان پارتە کوردیەکان ،بە ئاقاری یەک پارچەبوونی خاکی عێراق دا ڕۆیشتوون و کوردستان بەشێکە لەسەروەری عێراقی ، بۆیە هەردەست درێژیەک بۆسەر کوردستان دەست درێژیە بۆ سەر عێراق و بەتایبەت کە پارێزگای موسڵ یەکێکە لە ئەجندە نیمچە بەیان کراوەکانی تورکیا ، سەرانی دەوڵەتی تورک کە ئەسیری مێژووی ڕابردووی داگیرکاریانن ، لە لۆژیکی دووبارە بوونەوەی مێژوو وەکوو خۆیدا لەگەڵ کوردستان و عێراقدا مامەڵە دەکەن و چاوەڕێی ئەوەن کە ئەو هەڵوێستە بێ موبالاتی و خۆ بەخاوەن نەکردنەی دەوڵەتی یۆنان دەرهەق بە تورکیا لە کاتی داگیرکردنی قوبرسدا کردی لە لایەن عێراقیەکان و دەوڵەتی ئایندەی عێراقدا دووبارە بێتەوە ، کە لەم تێڕوانینەشیاندا کورتبینن .

لەسەر ئاستی عەرەبیشدا ؛ سەرەڕای هەموو پەرت و بڵاوی و ناکۆکیە جۆرا و جۆرەکانی نێوان وڵاتە عەرەبیەکان ، بەڵام هەموویان لەسەر جیانەبوونەوەی کوردستان و یەکپارچەیی خاکی عێراق کۆکن ، مل دانی پارتە کوردیەکان بە یەک پارچە هێشتنەوەی خاکی عێراق ،لەلایەکەوە لەژێر فشاری ئەم یەک هەڵوێستییەی وڵاتانی عەرەبیدا بووە و لەلایەکی تریشەوە زەمانەتێکی پشتگیری کردنی وڵاتە عەرەبیەکانی بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق مسۆگەر کردووە لەکاتی دەست درێژی تورکیادا ، ئەمە و دوور نییە کە کێشەی ویلایەتی ئەسکەندەروونەی سوریا کە لەلایەن تورکیاوە داگیر کراوە سەر لەنوێ سەر هەڵبداتەوە ، بەتایبەت کە دەوڵەتی سوریا هێشتا هەر وەک خاکی داگیر کراوی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم شارەدا دەکات .

لە سەر ئاستی جیهانیشدا ؛ لەکاتێکدا ئەمریکا نەیتوانیوە کە زۆرینەی وڵاتانی دونیا ڕازی بکات و پشتیوانیان مسۆگەر بکات لەم جەنگەی کە لە دژی ڕژێمەکەی سەدام بەدەستیەوەیەتی وە ناکۆکی و دابەش بوونێکی تەواو کەوتۆتە نێوان ئەمریکا و زۆر یەک لەوڵاتانی جیهان ،بەتایبەتی ئەوروپای یەک گرتوو ، نا لۆژیکیە کە تورکیا بە بەر چاوی دونیاوە ئەم جەنگە دەکاتە چەترێک و لە ژێریدا جەنگێکی تر ڕادەگەیەنێت و لەپاڵ لەشکر کێشی ئەمریکادا خۆیشی لەشکر کێشی بکات و هەوڵ بدات کە لەشکرەکەشی سەربەخۆ بێت و لەژێر فەرمانی ژەنەڕاڵەکانی خۆی دابێت ، نەک لەژێر فەرمانی ژەنەڕاڵەکانی ئەمریکا ، بەرنامە و ئەجندای جیاوازیشی هەبێت لە هی ئەمریکا ، وێڕای ئەوەی ئەمەریکا بەناوی چەک داماڵینی ڕژێمەکەی سەددام و ڕزگارکردنی گەلانی عێراق لەدەدستی دیکتاتۆریەتەوە هەنگاوی هەڵێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵخڕاندنی ڕای گشتی جیهان لەبەرژەوەندی خۆیدا . دەبێت دونیا بە چ چاوێک تەماشای لەشکر کێشی و ئەجندا گومان لێکراو و نارەوا و نا مەنتیقیەکانی تورکیا بکات ؟ .

تورکیا ئەوەی لەبیر چۆتەوە کە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانیی و سەدەی شانزەهەم نییە ، سەردەمی داگیر کردنی قوبرس و جەنگی سارد و دابەش بوونی دونیا نیە بۆدوو بلۆکی لەیەک جیاواز . هەمان ئەو ڕژێمەی عێراق کە ئەمڕۆ بۆتە ئامانجی هێرشی ئەمریکا ، سەرەتای

بەدبەختیەکەی و هەنگاو هەڵێنانی بەرەو گۆڕستان لەوێوە دەستی پێکرد کە لەچاوی دەسەڵاتی خەلیفەکانەوە لە دونیای سەردەمی دەروانی و حەماقەتی داگیر کردنی کوێتی کرد ، کە ئەمڕۆ خۆشبەختانە خەریکە سەری سەرانی دەبێتە باجی ئەو عەقڵیەتەی سەددام . هاتنی لەشکری تورکیا و دەست تێوەردانی لە کاروو باری عێراق و بە ئەجەندەی جیاواز لەهی ئەمریکا یان بەمانایەکی تر بە ئەجەندەی " داگیر کردنی بەشێک لە عێراق " نەک هەر هیچ شانسی مەقبولیەتی نابێت بەڵکوو کاردانەوەی نەگەتیڤیشی دەبێت لە ڕەئی گشتی جیهان و جارێکی تر تورکیا دەکەوێتە تەرازووی مەحکوم کردنەو و ڕەنگە یرمەتی دەریش بێت بۆئەوەی کە گەلی کوردستانیش لەهەردوو بەشی باشور و باکور بچێتەوە کایەی ویژدانی ڕەئی گشتی جیهان و دوور نابێت کە بەهەمان شکڵی تەیموری ڕۆژهەڵات ، کۆسۆڤۆ ڕای گشتی جیهان و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی وادار بە قەزاوەتی خۆی بکاتەوە .
لە کۆتاییدا ، هەڕەشەکانی تورکیا بۆ لەشکر کێشی بۆ سەر خەڵکی مەزلومی کوردستان و دوبارە کردنەوەی ئەزموونی قوبرس هەم واقیعیەتی هەیە و هەم پڕ مەترسیشە ، بەڵام نە دونیای ئەمڕۆ هەمان جیهانە دوو قوتبیەکەی سەردەمی داگیر کردنی قوبرسە و نە هاوکێشەکان و نە واقیعیەتی کوردستانیش وەک هی ئەوسای قوبرسە ، تورکیا ڕەنگ بێت حەماقەتی داگیر کردنی کوردستان بکات ، بەڵام ئەم جارەیان جیاواز لە مەسەلەی قوبرس لە ئاوی لیڵدا مەلە دەکات . ئەگەری ڕێگرتن لە لەشکر کێشی و بن گۆم خستنی خەونەکانی تورکیا لە گرەوی وشیاری و یەک دەنگی خەڵکی کوردستانە و بەتایبەت هەر دوو پارتی خاوەن دەسەڵات و سەرکردەی هەردوو پارتەکە ، ئەگەر هێزە کوردیەکان لەبری بەرژەوەندیە شەخسی و حیزبەکانیان ستراتیژیەتی ئاسایشی گەلی کوردستان بکەنە بەرنامەی کاریان ، خەڵکی کوردستان بە سەلامەتی و بە دەستکەوتیشەوە لەم بەلا لابەلایەی کە بەردەرگای گرتوون ڕزگاریان دەبێت .
ڕوون کردنەوەیەکی پێویست :
ئەم بابەتەم لە بەرواری ٢٣ ی شوباتی ئەمساڵدا بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی نارد ، بەڵام پێ دەچێت کە شانسی بڵاو کردنەوەی نە بووبێت ، من لە دوو نامەمدا داوام لە ستافی هاوڵاتی کرد کە ئەگەر بابەتەکەم بڵاو ناکرێتەوە تکایە لە ڕێگای ئیمەیل ئاگادارم بکەنەوە ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا وەڵامیان نەداوەمەتەوە . هەرچەندە لەلایەک بە هۆی خێرایی ڕوداوەکان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی قسە و باس و بابەتێکی زۆر کە لەسەر هەڕەشەکانی تورکیا کراوە ، ڕەنگە ئەم دوا کەوتنە لە بڵاو کردنەوەی بابەتەکەم کەمێک لە گرنگیەکەی کەم کردبێتەوە ، بەڵام قەبارەو جدیەتی ئەو هەڕەشەیەی کە لەسەر خەڵکی کوردستانە هانی دام کە بابەتەکەم لەڕێگای کوردستان نێتەوە بخەمە بەر چاوی خوێنەرانی ، بەو هیوایەی کە بەشداریەک بێت لە مەحکەم کردنی دیواری نارەزایەتی و بەرەنگار بوونەوەی خەڵکی کوردستان لەدژی پلانی دوژمن کارانەی تورکیا .

سەرچاوەکان :


1-Mary Virginia Fox , Enchantment of the world , CYPRUS ,1993
٢ ـ نجاة عبداللة ، كردستان ومشكلة الحدود العثمانية ــ الفارسية ١٦٣٩ـ١٨٤٧
3- Marshell Cvandish , Culture of the world , CYPRUS ,2000
4-EDGAR OBALLANCE ,The Kurdish Revolt 1961-1970 ,1973

٥ ـ سەرچاوەی ژمارە ١
٦ ـسەرچاوەی ژمارە ٣
٧ ـ ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی ڕۆژی ١٦ ـ ١ ـ ٢٠٠٣

٨ ـ ڕۆژنامەی زەمانی تورکی ڕۆژی ١٦ ـ ١ ـ٢٠٠٣

9 – www.pio.gov.cy

10- www.cia.org